www.kurdistannet.org
27-9-2006 7:19بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماتەمی خودا، لە تارمایدا... سەریاسی چوارەم / پێشكەشە بە سەناریا

ئەی خودای من... ئەگەر ئەتەوێت لە ژێر ئاسمانی تەنیایدا بمكوژیت، بە ئەستێرەكانی ڕوخسارت بڵێ چیتر نەدرەوشێنەوە لەناو گلێنەمدا.
ئەی هاوڕێی من... ئەگەر ئەتەوێت شەپۆلەكانی دەنگت نەڕژێنە ناو بیابانی هەستمەوە، بەكەنارییەكانی لێوت بڵێ لە سپێدەی بەیاندا ئاوازەكانیان بگۆرن.
ئەی هاوسەفەری شەوم... چی لەو هەموو یادگاریانە ئەكەیت كە لەناو ڕۆحمدا چاندوتن، چ باخەوانێك پەرەی گوڵەكان دەوەرێنێت.
ئەی قەدەرم... بۆ ڕێگە بە فرمێسكەكانم ئەدەیت لەسەر ڕوخسارم جۆگە هەڵبەستن؟
بۆ ئەم شیوەنە ناگۆریت بەخەندە؟
ئەی هەناسەكەم.. بۆ لە بێدەنگیدا دەمكوژیت؟باش ئەزانم تۆ لە من باڵا تری.
بۆ ڕێگە لەنەهێنیە شاراوەكانی سۆزی دەنگت دەگریت كەنەڕژێنە ناو درزە تاریكەكانی ڕۆحمەوەو گوزەر نەكەن، تا جەستەی بریندارم سارێژ نەكەن؟، بەرژانی سۆزی دەنگت بۆ نێو ڕۆحم ئەمگەیەننە دوا كەنارەكانی ئارامی، دڵنیام چرپەكانی تۆ ئەم تاریكیەی ڕۆحم پڕ ئەكەن بە گزنگ، تكایە ئاشنام مەكە بەدابڕان ئەگەر وەك دێوانەیەك هەستم پی ئەكەیت، پەنجەكانم ناتوانێت لەم شەوی تەنیایی و پڕ مەستیەدا دوا پەیامت بۆ بنوسی بۆ ئەم وەرزی شیوەنە، دڵنیابە سبەینی گریانی چاوەكانم ئەم گەردونە دائەپۆشێت تۆش ئەم شیوەنەت بە دیاری بۆ هێنام نازانم ئێستا مەستی شەرابم یان مەستی وشەكانی تۆ ئەی خوا دڵرەقەكە، ڕۆژگارت پڕ بێت لە خەندە، برینێكت كردە جەستەم زامی كۆنت زیاتر هەژاندم، من تەنها سۆزی دەنگی تۆم ئەویست بۆ گەیشتن بە مەملەكەتی ئارامی بەڵام تۆ پێتنەبەخشیم، تا واتلێكردم شیوەن بمبات بۆ مەملەكەتی خۆی، بە پێچەوانەی خواستەكانی منەوە، ئەگەر بپرسم داوای دڵتم بكردایە چیت پێئەبەخشیم چیت بەسەر دەهێنام؟؟؟ ئەو وەڵامە بۆ تۆ جێدەهێڵم ئەی خوادای بەبەزەیی من بێوەفا نەبوم لە ئاستی گەورەی تۆدا، بەڵام تۆ منت بە بچوكی بینی!! بۆ ئەم وەرزەت پێناساندم بۆ هاتیت و بۆ جێتهێشتم؟؟ تۆ گلیەیت لە هاوڕێ كورەكەت ئەكەیت كە جێیهێشتیت، چونكە تەقالیدی كۆمەڵگە ڕێگەی پێنەدا هاوڕێیەتی كچێكی هەست ناسك بكات، بەڵام من تۆم كرد بەخوا!!! بەبون، بەژیان، بەرۆح، بەهەناسە... ئەگەر بپرسم ئەی هەست ناسك؟بۆ واتكرد لەم بەندەگوێرایەڵەی خۆت؟ وەڵامت چی ئەبێت؟بۆ هێندە دڵرەقانە جێتهێشتم چ تاوانێكم كردبوو؟ ئەزانی خوای مرۆڤەكان بەخشندەیە بۆ تۆ هێندە دڵرەق بوویت؟لە ئاستی ئەم بەندەیەی خۆت بۆ بەخشندەیی خۆت ونكرد؟من پێم وتیت ئەمەوێت بارانی سلێمانی ڕۆحم پاك بكاتەوە، بەڵام ئەی سلێمانی تۆ لە جیاتی پاككردنەوە هێندەی تر بۆگەنت كردم، ئەی قەدەرم لەم وەرزی دابڕانەدا تۆ تەنیات كردم لەم وەرزی بیابەنەدا منت فرێدایە دۆزەخی ونبونەوە تۆ گەڵای هەموو درەختەكانت وەڕاندو كردت بە پاشماوەی خەزانەكان لە ڕۆحی مندا.